# نوسین و ئەخلاق

**هیلال ئیبراهیم**

**شتێك زیاتر لەهەموو ئەوشتانەی مرۆڤ بێزاردەكات و وای لێ دەكات دەسبەرداری ماف و داواكانی خۆیشی ببێت لەكوردستاندا نوسین و كاری رۆژنامەنوسیە ئێمە پێویستمان بەراگەیاندن هەیە وەك سەرچاوەی زانیاری و چاودێری كردنی دەسەلاَت لەژێر بنەما و ئەخلاقی رۆژنامەنوسیەوە ئێمە پێویستمان بەنوسینە لەژێر چاودێری بیركردنەوە و ئەخلاقی نوسینەوە .هەربۆیە ئەو نوسینانە كەلێرە و لەوێ دەنوسرێن و ئەو بێمانایەش لێرە و لەوێ بەناوی كاری رۆژنامە نوسیەوە بلاَودەبنەوە شتێ نین جگە لە فەوزا و بێمانای. ئەوانە بەبێ ووردبینی و هەلسەنگادن بەبێ رەچاوكردنی ئەخلاقی رۆژنامەوانی بەو كارە هەلدەستن و تەنیا مەبەستیان شێواندی رووداو گۆرانكاریەكانەو لەوپێناوەشدا لەچەند سالی رابردوودا درێغیان نەكرددوەو كەنالی راگەیاندنیان بەجۆرەها شێوە و وەك مەیدانێكی بێ چاودێر تەراتێنیان تێداكردوەو تا حالی حازریش لەتەك ئەو یاریەدا بەردەوامن بەداخەوە كاری بەشێكی هەرەزۆری ئەو ناوەندە عیلامیانە بریتی بووە لەفرویدان و داچۆرینی عەقلی خەلكی وەبلاَوكردنەوەی پەتای بێمانكردنی دیاردەو گۆرانكاریەكان لەلایەك وبێمانكردنی خواست و داوای خەلًك لەلایەكی دیكەوە .ماوەی چەند مانگێكە لەكوردستان و دەرەوەدا رەوتێك لەقسەی ناشیرین پەیدابوە بەناوی نوسین و كاری رۆژنامەنوسیەوە كە ئەم رەوتە نە سەلیقەی مرۆڤی بیركەرەوە و نە هەولێ كەسی رەخنەگرە .بەلكو كۆمەلێك كەس لەژێر ناوئەجێندای تایبەتەوە خەریكی بلاَوكردنەوەی سوكایەتكردنن لەتاكەكەسەو بیگرە تادەگاتە ناوچە و شێوەزارو زمانی قسەكردن.**

**ئەم رەوتەی ئەم دواییەی قسەی ناشرین كە لەكوردستان و دەرەوەدا بەتەواوی تەشەنەی سەندوە وەك دەرد و ڤایرۆس بلاَوبۆتەوە و چۆتە زاكیرەی بەشێكی زۆری سەرقالێ بەم بوارە و تەنانەت خەلكی سادەشی گرتۆتەوە .ئەم دەردە كە كارنامەی كۆمەلێك كەسە وەك ڤایرۆسێكی ترسناك بلاَویدەكەنەوە تیایدا تەنیا مەبەستیان بێنرخكردنی مافی خەلكە و بەشداری سیاسیانەی خەلكە لەگۆرانكاریەكاندا. هەرلەو رێگەشەوە خەریكی سوكردن و ناشرینكردنی كاری نوسین و رۆژنامەوانین. كاتێك كە نوسین و كاری رۆژنامەوانی سوك و ڕسوا و بێمانا بووو ،ئیتر بەرگریكردن لەماف و داواكانی خەلك چ مانایەكی هەیە ،هەركەسێك بەویستێكی خوازراو بەبێ رەچاوكردنی ئەخلاق و شەرەفی كارەكەی هەستاو كارنامەیەكی تایبەتی جێبەجێ كرد بەرگریكردن ستەمكارا ن و داواكردنی مافی هاولاَتیان چ مانایەكی هەیە . راستە ٚ پێویستە خەلكی لەرێگای كەنالە جۆربەجۆرەكانی راگەیاندنەوە زانیاری بزانن لەبارەی كێشەكانی رۆژو دیاردەو گۆراناریەكان نەك**

راگەیاندن شتێ نەبێ جگە لەفریودان و  کۆنترۆڵکردنی عاتفەی خەڵکی  .راگەیاندن شتێ نەبێ جگە لەیاری چەند کەسێ .

لە کوردستاندا لەچەند ساڵی رابردوودا و تا ئێستاش لێرە و لەوێ چەند کەسێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت خەریکی رەخنە گرتن بوون و لە هەوڵێ ئەوە دا بوون و هەن کە بەر لەو بێمانابیە بگرن لەکوردستاندا هەیە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵکی زۆر هەیە بۆ بێمانکردن و سوکردنی ئینسان لەرێگای بێماناکردنی شتەکانەوە.ئەو هەوڵانەش  ئەجێندانی  ئەو کەسانە دیاری دەکا کارنامەی ئەو کوسانە زانراوە و شاراوە نیە ئەو کەسانە جگە لە بێماناکردن و دەستگرت و قۆخکردنی ناوەندە جیاجیا شتێکی دیکە نیە. لەبیرمان بێ لەکوردستاندا  بێمانکردنی ئەدەب لەرێگای ڤستیڤالەوە و بێمانکردنی رەخنەگرتن لەنوسینی شتی بێمانەوە گەیشتۆتە ئاستێك تەحەمل ناکرێت  .بۆیەش ئیشکردن بۆ بەرگرتن لەتوانا و ووزەی ئەوانە کارێکی گرنگە .بەڵام شتێك کە زیاتر لەوە گرنگترە کار و چالاکی و رێگەخۆشکردنە بۆ هاتنە ناوەی کەسی جدی و هەلرەخساندن بۆ ئەو گەنجانەی کەتوانای پێوستیان هەیە و بەجدی لەغەمی بەرگری کردنن لەماف و داوای خەڵکی نەك شێواندن و بێماناکردنی دیاردەو گۆرانکاری و رووداو  کە  لەهەندێ هەفتەنامەی ناوخۆیدا دەیبینین و بەردەوامیش کار لەو پێناوەدا دەکات و  کەمترین سەلیقە و هەڵی رۆژنامەوانی
تێدا خەرج ناکرێت